قوباد تالەبانی لەگەڵ باڵیۆزی ڕووسیا لە عێراق کۆبووەوە

قوباد تالەبانی، جێگری سەرکۆزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازیکرد لە ئێلبروس کوتراشیف، باڵیۆزی ڕووسیا لە عێراق و لەکۆبوونەوەی نوێیاندا چەند پرسێک گفتوگۆیان لەبارەوە کرا.

لەم چوارچێوەیدا قوباد تالەبانی ئاماژەی بە یەکەم دانیشتنی ئەم خولەی پەرلەمان کرد و هیوای خواست لە دوای یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان لایەنە سیاسییەکان هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە بۆ لەکتڕگەیشتن و ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو. ڕاشیگەیاند هەرێمی کوردستان لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بە قەناغی زۆر قورسدا تێپەڕبووەوە و پێویستە حکومەتی داهاتوو بە شێوەیەک پێکبهێنرێت کە بتوانێت لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی هاوڵاتیانی کوردستان بێت و دادپەروەرانە خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات.